


0/2022 NEWSLETTER ٠/٢٠٢٢

---

- ئێمە وەک دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی ئەم هەواڵنامەیەتان پێشکەش دەکەین – هەروەک ماڵپەڕەکەمان – بە چوار وەشانی جیاواز:

- Deutsch https://www.jemal-nebez-stiftung.org/Deutsch/Newsletter
- English https://www.jemal-nebez-stiftung.org/English/Newsletter
- کوردی https://www.jemal-nebez-stiftung.org/pid_697244
- Kurdî https://www.jemal-nebez-stiftung.org/Kurd/Newsletter-Kurd

- ئێمە بۆ ڕێزلێنان لە جەمال نەبەز وەک دەزگەیەک کە لەلایەن کوردەوەو بۆ کورد دامەزراوە، بنەڕەتمان لەسەر کار و ژیانی ئەو بنیات ناوە، کە دەمانهەوێت بیپارێزین و بە فراوانی بیخەینەڕوو.

- ئێمە توانای ڕێکخراوەیەکی یاسایین و لەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆین و سەر بە هیچ حیزبێک نین .لیژنەکانمان بە شێوەی خۆبەخشانە کاردەکەن. بۆ پرۆژەکانمان و پلاندانان پشت بە یارمەتی و بەخشین دەبەستین.

- ئێمە بەپێی یاساکانی ئەڵمانیا وەک دەزگەیەکی قازانج نەویست ناسراوین. ئەو بەخشینانەی کە وەریدەگرین بەپێی یاساکان خەرج دەکرێن و ئاشکرا دەکرێن.

---

## کوردانی ئازیز، هاوڕێیانی دێرین و نوێ

ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بە کورتی، بناغەی ئێمە نەک هەر لەسەر کاری ژیانی جەمال نەبەز بنیات دەنێت، بەڵکو چوارچێوەی ڕێکخراوەیی و یاسایی هەیە بۆ ئەوەی کارەکانی دەگوازێتەوە بۆ داهاتوو، واتە بەردەوام بۆ پێشەوە – لە نێو ڕێگەی هەنووکەدا. سەرەرای هەموو دووربینیەکانمان، هێشتا دەمانەوێت خۆمان لە نوقتەی ئێستاوە هەوڵوێست وەرگرین، چاوێک لە سەختیەکانی بکەین و ڕابردوو لەبیرنەکەین.

## سەختە بەرگەی سەردەم گرتن

بەڵام بەرگەگرتنی سەردەم، هەمیشە سەخت بووە. هەموو پارچەکانی جیهان بە یەکسان تووشی ئەم تەنگ و چەڵەمانە نەبوون، کەمیشیان وەک ناوچەو زێدی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی وەها دۆخێکی ترسناک بوون. کوردستانی دابەشکراو، بێ بەرگری، بە فەرمانی کوشتاری خەڵک، لەلایەن فرۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت، کرێکارانی ئاسایی لەلایەن میلیشیا تیرۆریستەکانەوە دەڕفێنرێن، هەندێک لە ناوچەی کوردستان لەلایەن میلیشیا تیرۆریستەکانەوە داگیرکراون. بەشێك، واتە ڕۆژئاوای کوردستان - یان کوردستان-ڕۆژاڤا لە سووریا- لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە، هەڕەشەی بەردەوام فراون کردنی داگیرکارییەکە روو لە زیاد بوونە، کە دەتوانێت ئاراستەی کۆتایی هاتنی هەرێمی خۆسەری کوردستان – ڕۆژئاڤاکە بە (ئیدارەی خۆسەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا**AANES** ) بئەنجامێت.

## بە تابو کردنی نادادپەروەری، نەبوونی بەفەرمی ناسین

**ڕاگرتنی دۆخی هەنووکەیی قورسە ـ و ئاوڕدانەوە لە سەدەی ڕابردوو بۆ کورد ئاسان نییە**

بەزەحمەت شتێک لەوە ترسناکتر ڕوویداوە کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە، خەڵکێک کە لە دێرزەمەنەوە لەسەر خاکی خۆیان ژیاون و بە زمانی خۆیان قسە دەکەن (لەلای زمانەوانان زانراوە کە زمانی کوردی لە فارسی کۆنترە)- لە سەرەتای سەدەی بیستەوە (کاتێک کۆلۆنیالیزم چووە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەستی بە پاڵاوتنی نەوت کرد، بووە هۆی ڕۆڵێکی وێرانکەر بۆ کورد، تەنانەت پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم).

دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بە شێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن زلهێزە سەرکەوتووەکانەوە دابەشکران و بە زۆر لکێندران بە ژمارەیەک دەوڵەتی نەتەوەیی تازە دامەزراو و تا ئەمڕۆش لەم حاڵەتەدا هێڵرانەوە بەبێ ئەوەی هیچ شانسێکی بەفەرمی ناسینی نێودەوڵەتییان هەبێت. کۆمەڵەی گەلان کە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩ بۆ میانڕەوی جێبەجێکردنی پەیماننامەی ڤێرسای پێکهێنرا، بە شێوەیەکی خراپ شکستی هێنا. نە تورکیا (١٩٢٣) و نە عێراق (١٩٣٢) ئەو مافە کولتوورییەیان بە کوردان نەدا کە پێش دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان بەڵێنیان دابوو

نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕاستەوخۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم دامەزرا، دەسەڵاتی دادوەری خۆی لە دۆسیەی کورد ڕەتکردەوە. نوێنەرانی کورد بۆ کۆنفرانسی دەستبەکاربوون بانگهێشت نەکرابوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش نوێنەرایەتیان پێشکەش بە یەکەم سکرتێری گشتی کرد - بەبێ سەرکەوتن. ئەوەی جێگای سەرنجە کۆمکاری گەلان تا پێکهێنانی دواهەمین دەوڵەتان کە کوردستانیان دابەش کرد، ئەویش سوریا (١٩٤٦) بەردەوام بوو. سووریا لە 17ی نیسانی 1946 سەربەخۆیی ڕاگەیاند، بەبێ ئەوەی هیچ مافێك بۆ "کەمینەی کورد" کە لەم بەشەی کوردستاندا دەژین، لەبەرچاو بگرێت. دوای ڕۆژێک کۆمەڵەی گەلان هەڵوەشایەوە. ئەو کاتە جەنگی سارد دەستی پێکردبوو. لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی بەدوایدا هات، دروستکردنی ناتۆ و پەیمانی وەرشۆ، نە پێش کۆتایی هاتنی یەکێتی سۆڤیەت و نە دواتر لێکۆڵینەوەیەک هەبوو کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ چۆنیەتی باشترکردنی دۆخی کوردەکان بە

ئەنجام گەیشتبێت، کە ناچار بوون قوربانی بێشومار و بێهودە بدەن. بە پێچەوانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی سەرسەختانەی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە یان چاکسازی، دۆخی نادادپەروەری کوردانی بەردەوام کردووە.

## شکاندنی تابۆکان، پێداگریی کردن لەسەر چارەسەر

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا تەنیا بە پێداگریکردن لەسەر چارەسەر، ئاشکراکردنی نادادپەروەری و پێداگریکردن لەسەر هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک کە لەسەر ئاستی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو دەبێت. تەنانەت ڕەنگە ئەوەندە کات نەخایەنێت ئەگەر هەندێک دەوڵەت بە تێڕامانی چالاکانە لەم ئاراستەدا سەرقاڵی ئەم ئامانجە بن، و ئەگەر هەوڵەکانیان سەبارەت بە هەندێک ڕووداوی پێشبینی نەکراو لە داهاتوودا یەکبخەن، تەنانەت ڕەنگە رەوتەکەی خێراتر بێت، بە تایبەت ئەگەر بانگەواز بۆ دادپەروەری بە ئەندازەی کافی بەرز بێت

بۆ چەند دەیەیە کە کوردان بە تەرکیزکردن لەسەر تاوانەکانی دژی تاکەکان، واتە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە پارچەکانی کوردستان و گەیاندنی بە جیهان، لێهاتووییان بەدەستهێناوە. ئەوان ئەم کەیسانەیان بەڵگەدار کرد، ڕاپۆرتیان کرد و لە دادگاکان نوێنەرایەتیان کرد، لەنێویاندا لە دادگا نێودەوڵەتییەکانیشدا. خستنەڕووی کەیسی نادادپەروەری مێژوویی، کە رەتکردنەوەی بەفەرمی ناسینی نێودەوڵەتی بە کوردەکانیش لەخۆدەگرێت، پێویستی بە لێهاتووییەکی نوێ هەیە، کە شایەنی هەوڵدان بێت لە درەنگترین کاتیشدا، و لە ئەگەری هاتنە ئارای وەها دۆخێک، گرینگە کاتێک ئەم زانستە پسپۆڕانە لە کۆنفرانسەکاندا خواستی لەسەر بێت کە هاوڕایی کردەکی ئەو دەوڵەتانەشی لەگەڵ بێت کە دەیانەوێت کورد دەنگی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ببیسترێت.

## هەوڵێک کە پێویستی بە کۆڵنەدان و ئامرازهەیە

تا ئەمڕۆش کورد لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان بێبەشە، تەنانەت ئەگەر راستەوخۆ کاریگەریشی لەسەر بێت. کوردەکان چەندین جار داوای وەرگرتنیان لەم جۆرە ڕووداوانە کردووە. بە بۆچوونی ئێمە، بەڵگەنامەیەکی شارەزا لەم جۆرە داواکاریانە، شیکاری شانسی پەسەندکردن و هۆکارەکانی شکستی داواکارییەکان، دەتوانێت لە سەرکەوتنی زیاتری ئەم جۆرە هەوڵانە لە داهاتوودا کاریگەر بێت. وەک دامەزراوەیەکی قازانج نەویست بۆ زانست و توێژینەوە، دەتوانین ئەرکێکی لەو شێوەیە ئەنجام بدەین ئەگەر بتوانین سپۆنسەرێک بۆ تێچووی یارمەتییەکە بدۆزینەوە (کە دەدرێت بە توێژەر(ەکان)ی لێهاتوو و شارەزا).

ئەوەندە بۆ داهاتوو، ئێستا بگەڕێینەوە بۆ هەنووکە.

## تکایە ئاگاداربن، ئێستا زنجیرە سیمینارێکی ئۆنلاینمان هەیە

هەموو زانیارییەکان دەربارەی زنجیرەکە دەتوانن لە ژێر "ڕووداوەکان/سیمینارەکانی ئێستا"دا بدۆزنەوە. هەروەها لینکی ڤیدیۆی دوو سیمیناری یەکەم هەیە سوپاسی د. عرفان مستەفا دەکەین بۆ پرۆژەکە و جێبەجێکردنی بە زمانی کوردی.

نووسینی بنەڕەتی جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٨٦ەوە بە زمانی ئەڵمانیش بەردەستە - کە ئەو خۆی لەو کاتەدا دابینی کردووە.

تەواوی ناونیشانەکە بە زمانی ئەڵمانی دەخوێنرێتەوە:

**سەربەکورد بوون: کێ کوردە؟ کورد بوون واتای چییە؟**

**بەشدارییەک لە لێکۆڵینەوە لە گەلێکی بێ دەوڵەتی دابەشکراو.**

جەمال لە بنەڕەتدا ئەو وتارەی لە ساڵی 1985 لە شاری کۆپنهاگن پێشکەش کرد، لە چوارچێوەی سیمینارێکدا لەسەر کێشەی کورد.

بۆ ئەم زنجیرە سیمینارە ئۆنلاینە ئێمە ئەکاونتێکیZOOM مان کردۆتەوە بەناوی دامەزراوەکەوە، کە لەمەودوا لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا بەکاری دەهێنین، لەوانەش بۆ کۆبوونەوەی ساڵانەمان لە سەرەتای مانگی کانوونی دووهەمدا

## کۆبوونەوەی ساڵانەی ئۆنلاین – لە ٣ی کانوونی دووهەم، کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆ

ئێمە دەمانەوێت ڕۆژە خۆڵەمێشیەکانی مانگی نۆڤەمبەر بەکاربهێنین بۆ پێکەوە دانانی بەرنامەیەکی ئەرێنی بۆ کۆبوونەوەی ساڵانەمان بە شێوەی ئۆنلاین. لە نیوەی دووهەمی مانگی نۆڤەمبەردا زانیارییە پێویستەکان لەسەر بەشداریکردن لە ڕێگەی بەرنامەی Zoom لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەم لە لاپەڕەی "ڕووداوەکان"ی ماڵپەڕەکەمان بڵاو دەکەینەوە - ئەمەش بۆ ئێمە هەموو ساڵێک کاتێکی بەرچاوە. جەمال لە یەکەمی کانوونی دووهەم لەدایک بووە، ئەمساڵ تەمەنی دەبووە ٨٩ ساڵ. چوار ساڵ لەمەوبەر لە ٨ی کانوونی دووەمدا بۆ هەمیشە بەجێی هێشتین. لە ماوەی چوار ساڵدا - و لەو ماوەی دوو ساڵ و نیو لە دوای دامەزراندنی دامەزراوەکە - زۆر شت ڕوویداوە و - سوپاس بۆ خوا - زۆر شت بەدەست هاتووە. ئەندامانی چالاکی دامەزراوەکەمان ڕاپۆرت لەسەر کارەکانیان دەدەن و نیشانی دەدەن کە تا چ ئاستێک چوونەتە پێشەوە، هەروەها دەرفەتێک دەبێت بۆ ئەوەی ئەوان بە پرسیارکردن لێیان باشتر بیانناسن. هەروەها ئەمەش ئاسۆگەیەکمان پێ دەدا بۆ ساڵی نوێ

.

**کەواتە تا ئەو کاتە واتە تا ٣ی کانوونی دووهەم کە بە شێوەی ئۆنلاین یەک دەبینینەوە**

ئێمە پلانی هەواڵنامەی داهاتوومان بۆ سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی داهاتوو یان بۆ نەورۆز دادەڕێژین. لەم نێوەندەدا تکایە ئەو زانیاریانە بەکاربهێنن کە لە ماڵپەڕەکەماندا پێشکەش دەکرێن . بە هیوای بەردەوامی هۆگریتان بۆ ڕێکخراوەکەمان

لەگەڵ ڕیز و سڵاو

**دامەزراوەی جەمال نەبەز**

**یاسایی و قازانج نەویست**


**کۆنتاکت**

Telefon: +49 (0) 30 86 12 653 I Fax: +49 (0) 30 86 15 706


خۆشحاڵ دەبین گەرئێوە هەواڵنامەکەمان لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەمان https://www.jemal-nebez-stiftung.org/ یان لە ڕێگەی ئیمەڵی خوارەوە ئابوونە بکەن: info(at) jemal-nebez-stiftung.org